بەڵێ و نەخێر لە ریفراندۆم

فارس قادر فەقێ عەبدوڵا*

ماوەیەکە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و لێرە و لەوێ باس بووە بە باسی ریفراندۆم تا ئەو رادەیەی لە دیوەخان و دووکان و بازاڕی ئەمڕۆ باشترین بابەت ریفراندۆمە، ئەمەش پێموایە بە هۆی چاو کراوە و بە ئاگایی خەڵک و شەقامە لە بابەتەکە و تێگەیشتن. لە وشەی ریفراندۆم، کەواتە گەڕانەوە بۆ ڕەئی خەڵک و پرسکردن بە میللەت جا تخوا لەوە باشتر و خۆشتر هەیە . تێگەیشتن لەو مەفهومە دەگەڕێتەوە بۆ ئازایەتی و پەرێزپاکی هەڵگرانی ئەم دروشمە، بۆیە میللەت متمانەی رەهای پێ هەیە وە کاریگەری راگەیاندنەکان و ئاسانی گەیشتنی بابەتەکە بە گوێچکەی هەموو تاکێکی ئەم میللەتە، ئەویش هەروەک گوتمان بە هۆی تەکنەلۆجیای نوێ، وەک گوتەنی دنیا لە بەردەم راگەیاندن بووە گوندێک و هیچی تر، خالێکی تریش هەیە کە زۆر گرنگە مرۆڤ خۆی لە خۆیدا لە ناخەوە قبوولی سنوردارکردنی مافەکانی خۆی ناکات. مرۆڤی تەندروست بێ غەل و غەش، هیچ کات ئامادە نییەزەڕەیەک لە مافەکانی خۆی کەمتر داوا بکات یان قبووڵ بکات، کاتێکیش کردی، نابێ ئەو مرۆڤە تەندروست بێت یان بە لای کەم کردارەکەی سروشتی گونجاو بێت و رەنگە شتێک هەبێت لە ژێرپەردە، جا ئەوکات خۆی دەبێ پێناسەی کارە ناسروشتی و ناتەندروستییەکەی خۆی بکات. بۆ نموونە گەر بگەڕێینەوە دواوە بۆ مێژوو، قۆناغ بە قۆناغ، تەماشا بکەین، لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان، هەردەم گرفت هەبووە لە بیرکردنەوە یان کارکردن بۆ هەڵبژاردنی دروشمی خەبات بۆ نموونە گەر سەیر بکەین لە پاش رێککەوتننامەی ساڵی 1970 و جاڕدانی بەندەکانی رێککەوتننامەکە تا ئێستا لێرە و لەوێ لەگەڵم و لەگەڵنیم بابەتێکی هاوتەریب بوو لەگەڵ ئەم رێککەوتننامەیە، جا چ بە نەزانی و بەبێ ئاگا و چ بە ئاگا و بە بەرنامە، گەر سەیر بکەین، دەبینین کۆمەڵێک گرفت دروستکراوە بۆ ئەوەی ئەم رێککەوتننامەیە سەر نەگرێت، بە دەستی دەرەکی و ناوخۆی خۆشمانە تا دەگاتە پاشگەزبوونەوەی ئەوەی رژێم لە رێککەوتنەکە بە تاک لایەنی و لە دوایدا و قۆناغ بە قۆناغ لە دوای راپەرین دروشمەکان خۆ هەڵکێشانی پێوەکراوە تا وای لێهات حزبی وا هەبوو بە قەدەر بنەماڵەیەکی گەورە ئەندامی نەبوو، بەڵام دروشم و شیعارەکانیان لە پارتی و یەکێتی گەورەتر بوو و لە سەربەخۆیی کەمتریان نەدەویست!

لێرە و لەوێ خۆشکاندن و خۆ هەڵکێشان و مزایەدات دەکرا لەسەر کۆمەڵێک وشە بۆ نموونە، دروشمێک لەگەڵ راپەرین بەرزکراوە لە زانکۆی سەلاحەددین کە ئەوکات من قوتابی بووم، دەگوترا (حوکمی زاتی درۆیە، ئاواتمان سەربەخۆیە) یان (مافی چارەی خۆنووسین لەسەر دڵمان دەنووسین) ئەم دوو دروشمە وەک خۆی لە یادم ماوە کە مەبەستمە وەک نموونە بۆ ئێستا ئاماژەی پێبکەم، دروشمی تریش هەبوو وەک (هێلی 36 و34 ئاواتی کوردی هەژار) یان (ئەگەر ئێوە یوئێن دیکتاتۆر دەروخێنن) ئەمانە هەمووی مێژوویێکن لە خەبات و بەرخودان و لە مونافسە و خۆهەڵدان و خۆشکان دەکرێت بڵێین لەگەڵ خەبات و هاوشانی خەبات دەستێکی خۆشکێنیش هاوشانی بووە لە کاروانەکە، جا رەنگە ئاسان نەبێت، چۆن پێناسەی بکەیت، بپرسین ئایا بە بەرنامەی دەرەکی بوو یان بە نەزانی و عەفەوی عەقڵی کوردی بوو، جا هەر کامیان بێت، خراپە، بەڵام خوابکەم دەستی خۆمان نەبێت هەر باشە، بۆیە پرسیارە گرنگ و بە نرخەکە لێرەیە، کاتی یەک تروسکایی نابینرێت، کاتێ دیکتاتۆرێکی وەک سەددام شەڕی هەموو دونیا دەکات، کاتێک نیوەی میللەت ئاوارەیە و لەسەر خاک و وڵاتی خۆی نییە، کاتێک یەک وڵات ناوت ناهێنێت بە ئاشکراو مۆزەفێکی وەزارەتێک لە وەزارەتەکانی دەرەوەی وڵاتە ئەوروپیەکان، ناتوانن سەردانت بکەن، کاتێک ئالای کوردستان لە هەندێک شوێنی کوردستان بە ترسەوە بەرز دەکراوە و یان بڵێین زماندرێژەکان، هێشتا ئالای عێراقییان لەسەر بارەگاکانیان هەڵدابوو بە بیانووی عێراقچیەتی، بەڵام مافی چارەی خۆنووسینیان دەویست! ئەوانەی وجودیان نەبوو، وەک کارتۆنی بەتاڵ سەربەخۆییان دەویست! ئەوانەی لەسەر خاکی خۆشیان نەبوون، لەژێر چەتری دوژمن بوون، کوردستانی مەزنیان دەویست. سەیرە ئەمڕۆ ئەوانە کۆمەڵێک پرسیاری تر دەکەن لەوکاتەی سەرۆکی دەوڵەتان لە پێشوازی کوردن، لەوکاتەی قونسلی وڵاتە زلهێزەکان داوای مۆڵەت دەکەن بۆ بینینی سەرکردە کوردەکان، لەوکاتەی پێشمەرگە بوو بە رەمز و شکۆی جیهان و شەڕی تاریکی و تیرۆریستان لە جیاتی هەموو جیهان دەکات، لەو کاتەی ناوە بە ناوە بێ مەوعید و بە مەوعید سەرۆک و سەرکردەکانی جیهان، وڵاتە زلهێزەکان، داوا دەکەن بۆ چەند ساتێکیش بێت، بێن بۆ کوردستان و بێنە سەر سفرەکەمان و نانێکمان لەگەڵدا بخۆن، جارێکی تر قەزەمە عاقل قوندەکان لێرە و لەوێ دەیانەوێت وەک (هینەکە) دەولە ئاو بدەن، ئاوەکە لێلأ بکەن و یەکێک دەڵێ کاتی ریفراندۆم نییە، ئەوەی تر دەڵێ موزایەداتە، یکێکیش دەڵێ ریفراندۆم بۆچی بکەین، ئەوەی تر دەڵێ مەعاش نییە، دەوڵەتمان بۆچییە؟ ترسنۆکێکی تر دەڵێ گەر کردمانیش شکست دێنین، ئەوەی تر لەولا دەڵێ پێویست بە ریفراندۆم ناکات! توخوا کەس نییە پێیان بڵێن لە کام زەمەن و لە کام دنیا جورئەتکراوە وا بەبێ شەرمی و بەبێ منەتی بڵێن رێگا لە میللەت بگرن با دەنگی خۆی نەدا! توخوا لە دوژمن زیاتر کێ ئەو جورئەتە دەکات؟ ئەفەندینە، رێرەوی ریفراندۆم وەک رێرەوی ئاوە بە ئێوە ناگیرێت، میللەت هەر دەیکات، لێلأ کردنیشی سوودی نییە، تەنها بەردەم پێی خۆتان پیس دەکەن، کاروانەکە لە رێیە و مەجال ماوە لە قوشبنێک خۆتانی تێبکەن و بەگەر کەون، چونکە لەگەڵ بن و لەگەڵ نەبن، ئەو کاروانە بە رێوەیە و ئاوەکەش رێرەوی خۆی دۆزیوەتەوە و تەوژمی بەهێزە و بە کەس ناگەڕێتەوە، هەموو بەنداوێک دەروخێنێت، دەنگی بەڵێ وەک هاژەی ئاوە، قیژە قیژی بۆقیش هەبێت، بای ئەوە نابێت باس بکرێ یان بەرامبەر بە بەڵێ وەک نەخێر سەرهەڵبرێت، بەڵام دڵنیام خاوەنی مەدرەسەی نەخێر، روو رەش دەبێت و بەڵێ لەبەرچاوی دۆست و دوژمن سەردەکەوێت.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێری (پ.د.ک)**

ململانێی نێوخۆیی، سوونەکان لێکدەترازێنێت

سوننەکان بەدوای مەرجەعێکی ڕاستەقینەدا دەگەڕێن

خەبات: زانکۆ جاف

لە دانیشتنەکانی رابردووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەنگدرا بۆ بڕیارێک کە داوادەکات بەشداریکردن لەکۆنفرانسەکانی دەرەوەی وڵات بەبێ رەزامەندی دەسەڵاتدارانی عێراق لەسیاسیە عێراقیەکان قەدەغە بکرێت، ئەوەش نموونەیەکی زیندووە بۆ قووڵی دابەشبوونی سیاسی سونە بۆ دوو بەرە کە لەرکابەریدان بۆ حوکمکردنی ئەو پارێزگا سونەنشینانەی تازە لەداگیرکاری داعش هاتوونەتە دەرەوە.

ڕێگەگرتن لە سونەکان

لەڕاستیدا بڕیارەکە ئاڕاستەی سیاسەتمەدارەکانی سونە کراوەو لەئەنجامی بەستنی دوو کۆنگرەی هێزە سونەکانی عێراقدا هات کە لە دەرەوەی وڵات بە پشتیوانی نێودەوڵەتی و بە ئامانجی یەکخستنی حزبە سونەکان ڕێکخرابوون، یەکەمیان لە جنێڤ لە شوباتی رابردوودا بەستراو دووەمیش لە ئەنقەرە لە ئازاری رابردوودا، بەڵام هەردوو کۆنفرانسەکە ناکۆکیەکانی سونەیان قووڵ کردەوەو ئەو یەکتر تۆمەتبارکردنەشیان ئاشکراکرد کە سەبارەت بە خیانەت و کارکردن بۆ دابەشکردنی وڵات ئاڕاستەی یەکتری دەکەن. بڕیارە نوێیەکە ململانێی نێوان هەردوو رکابەرە دژبەیەکەکە ئاشکرا دەکات کە یەکەمیان سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمان و نوێنەری حزبی ئیسلامیە، دووەمیشیان ئوسامە نوجێفی سەرۆکی فراکسیۆنی موتەحیدون لیلئیسلاحە، ئەویش لە سیناریۆیەکی هاوشێوەی لەکارلابردنی خالید عوبەیدی وەزیری بەرگری نزیک لە نوجێفی بەگوشاری جبوری، بڕیارەکەی ئەم دواییەش هەر بە پشتیوانی جبوری بووە لەدژی نوجێفی رکابەری.

نەمانی هاوپەیمانێتی

دیاردەی هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانیە سیاسیەکان یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی داگیرکاری شارە عێراقییەکان لەلایەن داعشەوەو حزبەکانی شیعەو کوردیشی گرتۆتەوە، بەڵام لەنێو حزبەکانی سوننەدا توندترە، لەبەر ئەوەی شارەکانیان گەورەترین پشکیان لە وێرانکاری بەرکەوتووەو هاوپەیمانی نامەدروسی لێ هاتووەتە بەرهەم کە هەندێکیان لەگەڵ شیعەو هەندێکی دیکەشیان لەگەڵ کوردو بەرەی سێیەمیش پشت بە پشتیوانی دەرەکی دەبەستێت.

دژایەتیکردنی یەکتری

حزبی ئیسلامی عێراقی بە سەرکردایەتی سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمان و هاوپەیمانی موتەحیدون بە سەرکردایەتی ئوسامە نوجێفی جێگری سەرۆک کۆمارو بەرەی دیالۆگی نیشتمانی بە سەرکردایەتی ساڵح موتڵەگ و بزووتنەوەی حەل بە سەرکردایەتی جەمال کەربولی و حزبی وەتەنیە بە سەرکردایەتی ئەیاد عەلاوی جێگری سەرۆک کۆمار، نوێنەرە سەرەکییەکانی سوننەن لە پرۆسەی سیاسیدا، بەڵام هەڵوێستە سیاسیەکانیان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوژمنی یەکترن نەک هاوپەیمان. بۆ نموونە حزبی ئیسلامی لە ململانێدایە لەگەڵ موتەحیدون لەسەر هەژموونی سیاسی لە مووسڵ، حزبی وەتەنیەو بزووتنەوەی حەل لە ململانێدان لەگەڵ حزبی ئیسلامی لەسەر ئەنبار، هاوکات بەرەی دیالۆگی نیشتمانی و حزبی ئیسلامی لەدژی حزبی وەتەنیە لە ململانێدان لەسەر سەلاحەدین.

بەرە دژ بەیەکەکان

سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمان ڕێبەرایەتی هاوپەیمانیەکی بەرفراوانی سوننە دەکات کە توانیویەتی ئەو شکۆیە بۆ حزبەکە بگێڕێتەوە کە لە هەڵبژاردنی رابردووی پەرلەماندا لە 2014 لەدەستی دابوو لەبەرامبەر هەڵکشانی ئوسامە نوجێفی رکابەریدا، هاوپەیمانیەکەی جبووریش هێزی خۆی لە نزیکبوونەوەی لە حزبە شیعەکان وەردەگرێت بەدیاریکراویش لەگەڵ نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی پێشوو لەدژی هێزە سوننەکانی دیکە. هەرچی بەرەی دووەمیشە ئەوا هەریەک لە ئوسامە نوجێفی جێگری سەرۆک کۆمارو سەرکردەی هاوپەیمانی موتەحیدون لیلئیسلاح لەگەڵ خاوەن کار خەمیس خەنجەر کە بە بەهێزی هاتووەتە سەر شانۆی سیاسی و پێشتر لە پشتی پەردەوە کاری دەکردو یەکێک بوو لە دیارترین پشتیوانانی ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشووتر کاتێک لە هەڵبژاردنی ساڵی 2010دا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، هەروەها سیاسەتمەداری عەلمانی سوننە ساڵح موتڵەگ سەرۆکی فراکسیۆنی عەرەبیەش لەخۆدەگرێت. بەرەی سێیەمیش چەند پەرلەمانتارێکی سوننە لەخۆدەگرێت کە لە هاوپەیمانیە سەرەکییەکانی سوننە جیابوونەتەوەو هەڵگرتنی هەڵوێستی هێزە سیاسیەکانی شیعەیان ڕاگەیاندووە، دیارترینیشیان هەردوو پەرلەمانتاری مووسڵ ئەحمەد جبوریو عەبدولڕەحمان وەزیزیو پەرلەمانتاری ئەنبار سەعدون دلێمیە، ئەمە جگە لە چەند هێزێکی چەکداری عەشایری کە بە پشتیوانی گرووپە شیعەکان لە سەلاحەدینو مووسڵو ئەنبار دروست بوون.

هەروەها ئەو بەرەیە کۆمەڵێک دەستەو کەسایەتی و پیاوی ئایینی سوننەو دامەزراوەی ئەلئیسلام ئەلموحەمەدی لە شارۆچکەی حەدیسە لە ئەنبارو پیاوی ئایینی سەلەفی مەهدی سمێدەعی موفتی ئەهلی سوننەو جەماعە لە عێراق و حەمید هایس سەرۆکی ئەنجومەنی ڕزگارکردنی ئەنبار لەخۆدەگرێت و ئەم پێکهاتانەش هەوڵی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەدەن.

ئەوەی هەڵوێستی بەرەی سێیەم پێکەوە کۆدەکاتەوە نزیکییانە لە حزبە شیعەکان لەچوارچێوەی سیاسیەتێکی کۆن و نوێدا کە نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی پێشوو پەیڕەوی کردووەو بۆ کەرتکردنی ڕیزی هێزە سوننەکان لەڕێی ڕاکێشانی چەند لایەنێکی لاوازی سوننەی سەر بەحکومەت و ناساندنیان بە کۆمەڵی نێودەوڵەتی وەک نوێنەرانی هێزە سوننەکانی عێراق. ئەم هێزانەی سوننە پشتیوانی دارایی و مەعنەوی وەردەگرن لەڕێی پۆستی گرنگ و دەسەڵاتی پێکهێنانی هێزی سەربازی لە چوارچێوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی دا، بۆ نموونە سمێدەعی موفتی ئەهلی سوننە کە لە نێوەندەکانی سوننەدا دانی پێدا نانرێت، هێزێکی چەکداری هەیە هەزاران شەڕکەر لەخۆدەگرێت.

سیستەمی هاوپەیمانی

هەڵوێست بەرامبەر چارەسەری نیشتمانی کە بڕیارە سیاسەتی ناوخۆ وێنا بکات و شێوازی حوکمی وڵات و سیستەمی هاوپەیمانیەکان بۆ بەڕێوەبردنی شارە سوننەنشینەکان لە قۆناغی دوای لەناوبردنی داعش، دیارترین ئەو مەسەلانەن کە خاڵی ناکۆکی نێوان هەرسێ بەرەکەی سوننە پێکدەهێنن. سەلیم جبوری سەرۆکی پەرلەمان پشتیوانی پرۆژەی چارەسەری نیشتمانی دەکات کە عەممار حەکیم سەرکردەی هاوپەیمانی شیعە ڕایگەیاندووە لەبەرامبەر جێبەجێکردنی ئەو هەموارانەی پێشکەش بە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانی لەعێراقی کردووە بەوپێیەی سەرپەرشتیاری پرۆژەکەیە.

دروستبوونی ئاستەنگ بۆ پرۆژەی چارەسەری نیشتمانی

بەڵام نوجێفی هەموارەکانی جبوری ڕەتکردۆتەوەو لەلایەن خۆیەوە پەیپەرێکی نوێی پێشکەشکردووە کە چەند داواکارییەک لەخۆدەگرێت بۆ بەشداریپێکردنی چەند سیاسەتمەدارێکی سوننە کە حزبە شیعەکان تۆمەتباریان دەکەن بە تیرۆر لەوانە خەمیس خەنجەرو رافع عیساوی وەزیری پێشووتری دارایی و چەند شێخێکی عەشیرەتەکان، ئەم دابەشبوونەش بووەتە یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئاستەنگ بۆ پرۆژەی چارەسەری نیشتمانی. بەڵام ناکۆکییە جەوهەریەکەی نێوان هەردوو بەرەکە لە تێڕوانینیاندایە بۆ سیستەمی حوکم و بەڕێوەبردنی پارێزگا سوننەنشینەکان لە ئایندەدا، چونکە نوجێفی و خەنجەر بەتوندی هەوڵ بۆ پێکهێنانی هەرێمێکی سوننە دەدەن کە ئەنبارو سەلاحەدین و نەینەوا لەخۆبگرێت بەهەمان سیناریۆی هەرێمی کوردستان یاخود گۆڕینی ئەو پارێزگایانە بۆ چەند هەرێمێک وەک چارەسەرێک بۆ کۆتاییهێنان قەیرانی پەراوێزخستنی سوننە لە حوکمدا.

هەرێمەکان کارێکی دەستوورییە

نوجێفی جێگری سەرۆک کۆمارو سەرکردەی هاوپەیمانی موتەحیدون لیلئیسلاح لە ڕاگەیەندراوێکی رەسمیدا وتی: هەرێمەکان کارێکی دەستوورییەو پشت بە نەتەوە یان ئاین یان تایفە نابەستن، بەڵکو چارەسەرێکی دەستوورییە کە دەکرێت وەڵامدەرەوە بێت بۆ پێداویستیەکانی هاوڵاتیانو کارکردن بۆ بەهێزکردنی یەکپارچەیی وڵاتو ئایندەی. هەرچی سەلیم جبوری و هاوپەیمانەکانیشیەتی ئەوا پێشنیاری هەرێمەکان ڕەت دەکەنەوەو پێیان باشە شێوەی ئیدارەی ئێستای پارێزگاکان بمێنێتەوە لەگەڵ پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە حکومەتە خۆجێییەکان، بۆ بەدیهێنانی ئەوەش باشترین ڕێگا خۆی لە نزیکبوونەوە لە هێزە شیعەکان دەبینێتەوە لەبری دژایەتیکردنیان.

قۆناغی دوای داعش

بێگومان دابەشبوونەکانی سوننە لە قۆناغی دوای داعشدا مەترسیدارن، شارەکانی ئەنبارو سەلاحەدین و نەینەوا کە تازە لە وێرانکاریەکی گەورەو دەربەدەربوونی ملیۆنان کەس لە دانیشتووانەکەیان هاتوونەتە دەرەوە، پێویستیان بە یەکگرتوویی بڕیاری سوننە هەیە بۆ خێراکردنی ئاوەدانکردنەوەیان و تێپەڕاندنی هەڵەکانی رابردوو. هەروەک یەکگرتوویی هێزە سوننەکان بۆ حزبە شیعەکانیش بەسوود دەبێت ئەگەر بیانەوێت سەقامگیرییەکی گشتگیر بەدیبهێنن و کۆتایی بهێنن بە هەستکردنی سوننە بە زوڵم و پەراوێزخستن و ئەو ڕێکخراوە توندڕەوانەی لە دەرئەنجامیدا دروست بوون کە بە گرووپە چەکداریە ناوخۆییەکان دەستیان پێکرد، وەک سوپای ئیسلامی و سوپای موجاهیدین و نەقشبەندیەکان و پاشان ڕێکخراوی قاعیدەو دواجاریش داعش.

مەرجەکانی جەنگی داهاتوو هێشتا دابین نەبووە

د. فاتیح عەبدولسەلام

ئەو گۆڕانکاریە زۆرەی کۆمەڵگەی عێراق دوای تەواوبوونی پاککردنەوەی خاک لە ڕێکخراوی داعش پێویستی دەبێت، یەکەمیان بیرکردنەوە لە شێوازەکانی ڕێگەگرتن لە دووبارە بوونەوەی کۆستەکان لە نەوەی داهاتوو دەبێت، ئەوەش مەسەلەیەکی هزرییە و ڕاستەوخۆ بە دەرهێنانی نێرکی ستەم و نێرکی بێکاریی و ئاراستەکردنی مرۆڤ بەرەو کاری داهێنانەوە پەیوەستە، لەگەڵ هەنگاونان بەرەو کاری بچووک و پاشان هەڵکشان بەرەو پێداویستییەکانی خودیی، لە شتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی بەکاربەردا، نەخاسمە ئەوەی پەیوەستە بە کشتوکاڵ و دروستکردنی خۆراک و کەلوپەلی ڕۆژانەوە. وتەکانم کورت کردەوە لەبارەی ئەوشتانەی کرداریین، لە بڕینی ڕێگەی سەرەتایەکی تازەدا. کەواتە بریتیە لە دابەزین بەرەو هێڵی دەستکردن بە کاری تازە، کە فێرکردنێکی باش هاوشانی بێت، تاکو سوود لە ئەزموونەکانی جیهان وەرگرێت. لێرە پێویستە حکومەت هەر وەفدێک دەنێرێتە دەرەوە لە هەموو پسپۆڕییەکان، بە توێژینەوە بۆ چۆنیەتی گواستنەوەی سەرکەوتوو بۆ ئەزموونە پێشکەوتووەکان بگەڕێنەوە، بەمەرجێک لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگە و ژینگەی گشتی وڵات یەک بگرێتەوە، لەگەڵ پێکهێنانی لیژنەی توێژینەوەی تایبەت لە هەموو وەزارەتەکان، تاکو تواناکانی جێبەجێکردن و بەربەستەکانی ڕوون بکەنەوە، ئەوەش بۆ بڕەودان بە کەرتی پیشەسازی یان بازرگانی یان خزمەتگوزاری یان کشتوکاڵی یان تەندروستی یان پەروەردەیی و هەموو کەرتەکان، با وەزارەتەکان ناوەندێک بۆ پشکنینی هۆکاری جێبەجێکردنی پرۆژە پەیوەستەکان بە پوختەی زانستییەوە دابنێن، بۆ نموونە ئەمینداریی پایتەخت پۆستێک نییە بۆ ململانێی سیاسی، یان بۆ ڕایکردنی کاروبارەکانی ئاسایی ڕۆژانە، بەڵکو دەبێت تایبەت بێت بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەلایەنی کەمەوە هەموو ساڵێ جارێک، هەروەها کارکردنی پارێزگار و وەزیرەکانیش، دەبێت پۆستەکان بکەونە ژێرباری بەهای زیادکردن و بەرهەمهێنان، نەوەکو تەنیا کورسی دانیشتن.

هەموو جارێک کە باسی قۆناغی دوای داعش دەکرێ، دەبینم وتەکان بەر ژینوار ناکەون و تەنیا بەرەو پینەکردن دەڕۆن، وەکو گواستنەوەی خەڵکی لە خیوەتگەی ڕاگوێزراوەکانەوە بۆ نێو ماڵە کاولبووەکان لە شارەکاندا. سامانەکان بەفیڕۆ دەدرێن، سەرەتا لەلایەن مرۆڤەوە لە گۆڕ دەنرێت، کە وزە ئەرێنییەکانی بە شکانەوەی لەژێر تەوژمەکانی گەندەڵی میری و نەبوونی سزا و دەستڕۆشتوویی جێبەجێکەران لەبار دەبرێت. جەنگی دوای داعش لەگەڵ خود و جەنگی ویژدانەکان دەبێت، جەنگێکی ئاکاریی بۆ سەرخستنی خێر و چاکە بەسەر شەڕ و گەندەڵی و داڕمان و دواکەوتن، ئەو جەنگەی دە ساڵە عێراق نەیگرتووەتە بەر، بۆیە کێشەکان کەڵەکە بوون و بە دەرکەوتنی ڕێکخراوی داعش کۆتایی هات. مەترسی لەوە دایە، عێراق مەرجەکانی گرتنەبەری ئەو جەنگەی نیە، کە من لێرە مەبەستمە، بۆ قۆناغی دوای داعش.

و: ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە: HYPERLINK "http://www.azzaman.com" www. azzaman. com

---

نەمسا هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجامدەدات

لە نەمسا دوای ئەوەی جێگری سەرۆکوەزیران و سەرۆکی پارتی گەل، راینۆڵد میتەرلاینەر دەستی لەکارکێشایەوە و سەرۆکی نوێی هەڵبژێردراوی پارتەکە، سیباستیان کورز رازی نەبوو بەوەی ببێتە جێگری سەرۆکوەزیران و پێشنیازی وەزیری دادی بۆ پۆستەکە کرد، لای خۆیەوە سەرۆکوەزیران، کریستیان کێرن ئاماژەی بەوەکرد ئەوە هەڵاتنە لە لێپرسراوێتیی.

سەرۆکوەزیران، کریستیان کێرن لە گوتەیەکدا لە پەرلەمان لە دوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، سەبارەت بەوەی سیباستیان کورز کە هاوکات وەزیری دەرەوەیە، نەیویستتووە پۆستی جێگری سەرۆکوەزیران وەربگرێت، رایگەیاند ئێمە لێپرسراوێتییمان هەیە بەرامبەر بەم نیشتمانە. من باوەڕم وایە کە هیچ کەس ناتوانێت نەمسا بەکاربهێنێت.کریستیان کێرن ئاماژەی بەوەشکرد کە وەزیری داد، ۆڵفگانگ براندستەتەری کە لە پارتی گەلە وەک جێگری سەرۆکوەزیران و هارالد مارەری وەک وەزیری ئابووری پەسەندکردووە.لای خۆشییەوە سەرۆکی نوێی پارتی گەل، سیباستیان کورز ئاماژەی بەوەکرد تا هەڵبژاردنە پێشوەختەکان یاساکان لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی زۆرینەوە لە پەرلەمان تێدەپەڕێنرێن و لەبەر ئەوە پۆستی جێگری سەرۆکوەزیران بدرێتە کێ هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. پێشنیازەکەی کورز بۆ درێژەدان بە هاوپەیمانییەکە تا کۆتایی هاوین و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت لە وەرزی بەهاردا، سەرەتا لە لایەن پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن و دواتر لە لایەن پارتی سۆسیال دیموکراتەوە پەسەندکرا کە هاوبەشی حکوومەتی هاوپەیمانییە. ئەمەش راگەیەنرا کە پێشنیارکراوە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت لە نیوەی یەکەمی تشرینی یەکەم بێت.هاوکات ئەو لایەنانەی کە حکوومەتی هاوپەیمانییان پێکهێناوە، پێشنیازی ئۆپۆزسیۆن لەبارەی هەڵبژاردنی پێشوەختەوە بە گونجاو دەزانن. سەرۆکی پارتی راستڕەوÖVP سبستیان کورز باسی لە بۆچوونەکانی حکوومەتی هاوپەیمانیی ئێستا کرد کە بووەتە هۆی مشتومڕەکانی سەبارەت بە هەڵبژاردنی پێشوەخت و بانگەوازی کرد ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت ئەنجامبدرێت. کورز هەروەها پێشنیازی کردبوو، بەرنامە و پرۆژەکانی حکوومەت تا کۆتایی وەرزی هاوین کۆتاییان پێبهێنرێت.